# کەمال رەئوف لە وەڵامی پرسیاری " دەنگەکان " دا

دەنگەکان : پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە ، ئێوە ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە ؟؟

کەمال: واباشترە پێش ئەوەی بچینە سەر ناوەرۆکی وەلآمی ئەو پرسیارە, ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین , ئاخۆ مارکسیزم بەهەمان شێوازو بەهەمان میتۆدەوە دەتوانێ بەقوەتەوە بگەڕێتەوە نێو مەیدانی خەباتی چینایەتی؟ وە ئەگەر بەشکڵە کۆنەکەی گەڕایەوە ئەتوانێت بىبێتە تیۆرێکی بزووێنەری وا کەبۆ ئەمڕۆی خەباتی چینایەتی لەبەرانبەر دوژمنێکی بەهێزو پرچەکی جۆراوجۆری وەك سیستەمی سەرمایەداریدا کاریگەر بێت؟ وە ئەگەرنا لەوەش گرنگتر ئەو پرسیارەیە, ئەگەر بڕیارە گۆڕانکاریەك بەسەر ئەو تیئورەدا بێت ئاخۆ دەبێت لەکوێدا ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر تیئۆرەکەدا بێت و ئەو گۆڕانکاریانە چین کەدەبێت بکرێن؟ پاشان گەربگەڕێینەوە سەرپرسیارەکەی ئێوەو بەکورتی وەلآم بدەینەوە , من پێم وایە ئەو شێوازە ئابوریەی کە مارکس لە سیستەمی سەرمایەداریدا باسی لێوەکردووە زۆرێك لەو نهێنیانەی دەرخستوەو باسکردووە کەتاکو ئێستاش شتی تازەی لێدەردەکەوێت و وەك زانستێکی ئابوری میسداقیەتی خۆی لەدەست نەداوە , کەپێم وایە ئەمە نوقتە قوەتی مارکسیزمە نەك بەشە سیاسیەکەی و بۆچوونە سیاسیەکانی لەسەرئەو سیستەمەو پێشهاتەکانی, چونکە سەبارەت بە پێشهاتە سیاسیەکانی بۆ سیستەمی سەرمایەداری پێم وایە مارکس لەزۆر ڕەوەوە دروستی نەپێکاوە ,هەروەها ئەوەی ئەو دەرىبڕیوون زیاتر لەفەرەزیاتەکانی ئەوهەلومەرجەوە بووە کەخۆی تیایدا ژیاوە, هەبۆیە لەوە خافڵ بوو کە ئەم سیستەمە ئەوەندە تواناى خۆتازەکردنەوەی هەیەو تەمەنی هێندە درێژ دەبێتەوە کە چەندین نەسڵ تیایدا لەدایك بن وهەرلەم سیستەمەشدا بشمرن بێ ئەوەی بتوانن ئاڵوگۆڕەکان ببین , چونکە گەر ئەو بڕوایەی هەبوایە بەدڵنیاییەوە ئەوەی دەزانی کە ئەو تەمەن درێژ بوونەوەیە جگەلەوەی کە ڕەگی ئەم سیستەمە بەهێزتردەکات ئەو تواناو ووزە شوڕشگێڕێتیەش هەڵدەلوشی کە خەڵك بتوانێت بەئاسانی شوڕشبکات وهەلومەرجەکە بگوێزێتەوە بۆ قوناغێکی تر, دیارە مەبەستمان لە شۆڕش بەو مانایەیە کە مارکس خۆی باسی دەکات و ناوی دەنێی گوێزانەوەی قوناغێکی کۆمەلآتی و لەڕیشەوە دەرهێنانی هەلومەرجی کۆن . سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکە دەلێت هەلومەرجەکە گۆڕانکاری سیاسی گەورەی بەسەرداهاتووە, دروست وایەو گۆڕانکارییەکانیش لەبەردەوام بووندان,هەربۆیە ئەو دروشمەی کەدوێنی بە دروشمێکی ڕدیکاڵ دەناسرایەوە مەرج نییە بۆ ئەمڕۆش وابێت , تۆ بڕوانە خواستەکانی خەڵك وخواستەکرێکاریەکان ئێستا کێ

دەتوانێت وەك سەردەمانی پێشوو بە داواکردنی هەشت سەعات کار بڵێت دروشمێکی عاقلآنە ؟ بەلآم سەردەمانێك هەبوو ئەوە دروشم داخوازیەکی گەورەی کرێکاران بووە و خەباتیان بۆکردوە, ئەنگلز پاش لە نوسینەوەی مانفست بەچەند ساڵ دوای ئەوە خۆی بۆ چاپکردنەوەی تازەی لەپێشەکیەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێکی مانفست ئیتر کۆن بووە کەدیارە مەبەستی لەهەندێ بۆچوونی سیاسییە کە پێشتر بۆ ئەو سەردەمە دەر براوە , جائیتر ڕەنگە لەوە ڕۆشنتر نمونەمان دەست نەکەوێت کە ئیتر چۆن بتوانین ئێستا مارکسیزم وەك دەق و سەرچاوەیەکی ئاسمانی سەیربکەین و پێمان وابێت بۆ هەمووکات و سەردەمەکان گونجاوە , من پێم وابێت مارکس خۆی لەهەمووکەسێك زیاتر دژی ئەو بۆ چوونە دۆگماتیزمانە بووە بۆیە ووتویەتی : بیرو باوەڕەکان هەمیشە لەسەر ڕۆژگارو باری مێژووی دیاریکراو وەستاون پابەند دەبنەوە بەڕووداوەکانی کاتی دیاریکراویانەوە. بەلآم سەبارەت بە چەقبەستنی ئابووری سیستەمی سەرمایەداری لەسەر هەمان شێوازی کۆن ئەوە شتێکی بەلگە نەویستە وەهەر لێرەوەشە ڕەنگە وەلآمی ئەو پرسیارەشمان چنگ بکەوێت کە دەیەوێت لە ئاسۆ و تارمایی ماکسیزم لەسەر ئاستی ژیان بپرسێتەوە چونکە بوونی ئەو تارمایی و ئاسۆ سۆسیالستیە پەیوەست دەبێتەوە بەو هەلومەرجەوە کە مارکس لە تیۆریەکانیدا لەسەرئابوری و شێوازی بەرهەمهێنانی ئەم سیستەمە باسی کردووە و لەوێشەوە ئەپەڕێتەوە بۆ ئەو کیشەو گرفتانەی کەبەردەوام بەهۆی ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەوە لەژیانی سەرمایەداریدا بوونێکی دیارو ئاشکرایان هەیە , وەك ئەوەی بڵێین مادام لەدنیای سەرمایەداریدا ناعەدالەتی و نابەرابەری هەیە مادام کێشمەکێشی کۆمەلآیەتی هەیە جیاوازی چینایەتی هەیە کێشەی نەتەوەو کلتورو ئاینەکان هەیە ئاگری شەڕەکان نەکوژاوەتەوە, ئەوە بێگومان ئەو ئاسۆ و تارماییەش بۆگۆڕان درك پێدەکرێت و دەبینرێتەوە بەلآم گومانم لەوە هەیە کەکاتێ بەتەواوەتی ئەو ئاسۆ تارماییە دەرکەوتن و کەوتنە دنیای واقیعەوە بەتەنیا ئەو مارکسەو ئەو کتێب تیۆرانە ببینینەوە کە ئەو سەردەمە بۆخەباتی چینایەتی گونجاو شیاو بوون و بەماکسیزمی پیردەناسرێتەوە.

دەنگەکان : ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلێنێ ؟

کەمال: ڕەنگە لە وەلآمی پرسیاری یەکەمدا هەندێك شتم ووتبێت کە تاڕادەیەکیش وەلآم بن بۆ ئەم پرسیارەش , بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر مرۆڤ سەرپێی نەڕوانێتە دنیای سەرمایە , ئەگەر بینای بەرزو کۆشکە گەورەکان و کەرەستە جەنگییە ترسناکەکان ودەستکەوتە مرۆییەکانی تر بەرچاومان لێڵ نەکەن , ئەوا هەرکەسێك بەوردی سەیربکات دەیبینێتەوە لەم دنیایە چی دەگوزەرێت , لەپاڵ ئەو هەموو

دەستکەوتە گەورانەدا لەپاڵ ئەو هەموو دەستکەوتە مرۆیی و پێشکەوتنە پیشەسازیانەدا ملوێنەها مرۆڤ هەن کەژیانیان لەبەر برسێتی و نەداری و بێکاری لەمەترسیدایە , ئاگری جەنگەکان هێشتا نەکوژاونەتەوە و ژینگەبەرەو پیسبوونێکی مەترسیدار دەچێت ,دنیای سەرو خوارو واتە برسی و تێر جیاوازی ژن و پیاو, پێشیلکاری مافی منداڵان, سیاسەتی شەرەنگێزی هێزەگەورەکان ,خواستی داگیرکردن و هێزنواندن, ئەمانەهەمووی بەئاسانی هەست پێدەکرێ ودەبینرێنەوە, واتە لەناو ئەم سیتەمەدا خەڵکێکی بەر فراوانی هەژارو بێکار بەئاشکرا دەبینرێتەوە و کەنارازین بەچۆنیەتی هەلومەرجی ژیانیان , بەپێی تازە ترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی (un ) ئێستا پتر لە 800 ملییۆن نەخوێنەوار هەیەو لەناویاندا پترلە115 ملییۆن منداڵ هەیە کە فرسەتی چوونە قوتابخانەیان بۆ نەرەخساوە , پتر لە بیست ملیۆن کەس بەرکەوتوو لەنەخوشی ئایدز هەیە کە هەندێکیان منداڵن و لەرێگەی دایك و باوکیانەوە توش بوون , لەهەندێك وولاٌتدا ڕێژەی بەرزی تەمەنی مرۆکان دابەزیووە تا ئەو ڕادەیەیی کە تەمەنی مرۆکان لە 45 ساڵ تێپەڕ ناکات , لەو وولاٌتە پێشکەوتووەکانیشدا بەکاربردنی مەوادە بێهۆشکەرەکان لەبرەودایەو نامۆ بوونی مرۆکان بەژیان لەپەرەسەندایە , لەزۆربەی ولاٌتە گەورەکان شەوانە درەگ وەخت لەدوایی ئەوەی کەخەڵك بە خواردنەوەی ئەلکەحول و شتی تر خۆیان مەست دەکەن و دەکەونە سەرجادەکان جەنگێکی ڕانەگەیەندراو دەبینرێتەوە لەنێوان لاوەکان و پیاوانی پۆلیسدا ,کێ هەیە ئەو دیمەنانەی نەبینبێ کە لەمیدیاکانەوە پەخش دەکرێن و رۆژانە هەزارەها جۆرپێشێلکاری مافی مرۆڤ دەکرێ لەلایەن پیاوەکانی ئەو دەوڵەتانەوە کەبەسیستەمی دیموکراتی ناسراون (کەئاشکرایە ئەوەی بەر چاوی کامێرا دەکەوێت مشتێکە لەو خەروار ئەو واقیعەی کەهەیە) , ئاخر سیتەمی سەرمایەداری لەئاکامدا بەهەموو دەستکەوتەکانیەوە بەهەموو پێشکەوتنەکانیەوە ئەو سیستەمەیە کە بەدەزگاکانی پۆلیس و ئیستخبارات دەپارێزرێت , ئالێرەوەیە دەتوانین بڵێن مارکسیزم تازەگەری خۆی لەدەست نەداوە کە داوای گۆڕانکاری و گۆڕینی ژیان لەم سیستەمەدا دەکات بۆ شێوازێك کەشایستەی مرۆڤایەتی بێت , چونکە ئاشکرایە ئەگەر ئەم سیستەمە دواین سیستەم و دواین دەستکەوتی مرۆڤایەتی بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە جگەلەوەی کە ئەم بۆچوونە لەئێستادا ئومێد کوژە لەهەمانکاتدا لەئایندەشدا مرۆڤایەتی بەرەو فەوتان و فەنابوونێکی شێنەی دەبات .

**دەنگەکان** : ئەوەی لە سۆڤییەت و وولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلأت ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەلأم لە بەر هەر هۆیەك بووبێ لە باری مێژووییەوە تا ئەمرۆش ، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟

کەمال: ڕەنگە کورترین وەڵام و شیاوترین وەڵام لەو بارەوە ئەوە بێت ,بڵێین ئەوەی لە ڕوسیای کۆن هەبوو شێوازێك لە دەسەلاتدارێتی سەرمایەداری بوو کە بەسەرمایەداری دەوڵەتی دەناسرێتەوە نەك مارکسیزم و کۆمۆنیزم, چونکە شورشی 1917 لەبەرەبەیانی خۆیدا شکستی خوارد, هەر ئەوکاتە شکستی خوارد کەبەزۆری ئەسکەرتاریەت هەولدرا ڕوسیای گەورە لەبەریەك هەڵنەوەشێتەوە و مافی کەمایەتیەکانی ناوڕوسیا پێشێلکرا , نەك ئەو کاتەی کە ڕوسیا بەرەو هەڵوەشانەوە چوو, للینین خۆی دەڵێت کرێکاران و زەحمەتکێشانی ڕوسیا توانیان شۆڕبکەن و بەسەرکەوتنیشی بگەیەنن ,بەلام نەیان توانی دەسەلات بگرن بەدەستەوە وتاسەر سەرکردایەتی شورشەکە بکەن , لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستیە بڵێن کە ئاکامەکانی ئەو شورشە ڕوسیای لە وولاتێکی کشتوکاڵی و دواکەوتووەوە کردە ولاتێکی گەورەی پیشەسازی , یاخود لەبەرانبەر هێزی داگیرکارانەی ئەڵمانیای نازیدائەو دەسەلاتە توانی دەورو نەخشێکی گەورەو کاریگەری هەبێت , هەروەها لەگەڵ سەلماندنی هەموو ئەو ڕاستیانەشدا دیسانەوە دەبێت ئەوە بڵێن کە شکست و کۆتایی پێهاتنی دەسەلاتی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕوسیادا خۆی لەخۆیدا نیشانەیەکی گەورەش بوو بەشکستی ئەو بیرکردنەوەیەی کە زۆرێك لەسۆسیالیستەکان پێیان وابوو کەدەکرێت شورشی سۆسیالیستی لەیەك ولاتدا ڕوو بدات و بەسەرکەتنیش بگات بەبێ ئەوەی پشتیوانیەکی چینایەتی جیهانی بەدەست بهێنێت , بۆیە ئەو گۆڕانکاریانە ئەوەشی لە کۆمونیستەکان خواست کەپیاچوونەوەی دروست بکەن لەسەر ئەو بۆچوونە کۆنانەی کە لایان وابوو کومۆنیزم دەکرێت بەدابڕاوی لە جیهان لە دورگەیەکی بچوکیشدا دامەزرێنرێت.

دەنگەکان : لەڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ، ئێوە چۆن دەڕواننەچەمکەکانی : - دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، کۆمۆنیزم ؟

کەمال: سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو کۆمۆنیزم دووشتی زۆر لەیەك جیاوازن , دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بە شێوازی سەرەتای گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکاردەناسرێتەوە کەدەدیەوێت بەشێوازێکی شۆڕشگێرانە و لەڕێگەی شورش وياخی بوونەوە دەسەلات لەدەست کەمایەتی سەرمایەدارانەدا دەربهێنێت و دەسەلاتێکی فراوانی چینی کرێکار لەجێگەی دابمەزرێنێت , ڕەنگە ئەم پێناسەیەی من تاڕادەیەك تەقلیدی و کەمو کورت بێت, بەلام لە بناغەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری قۆناغێکە لەقۆناغەکانی شۆڕش ,بەلام مەسەلەکە تاڕادەیەك لێرەدا نسبیە و چەند لایەنەیە , بۆنمونە ئەو کەسە ئیسلامیەی کە خۆی دەتەقێنێتەوە و بەخۆیەوە چەند کەس دەکوژێت بۆ خۆی و هاوبیرەکانی کارێکی گەورەو مەزن و پیرۆزە , بەلام بەدڵنیاییەوە بۆ لایەنی بەرانبەر کارێکی تێکدەرانەی تیرۆرستییە , بەشێوازێکی تر بۆ لەشکری سەربازی ئێستای ئەمریکای کە لە عێراق جێگیر کراون لەلای دەسەلاتەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان کارێکی زۆر باش ئەنجام دەدەن و تا ئەو پەڕی داکۆکی کردنە لەدیموکراتیەت ,

کەچی لەلای زۆرێك لە خەڵك لەئەورووپاو ئەمریکاییەکان و تەنانەت سیستەمەکانی تری سەرمایەداریش ئەو لەشکر کێشیەی ئەمریکا بەکارێکی هەڵەو نادیموکراتیە دەدەنە قەڵەم , لێرەوەیە دەبێت لەماناو ناوەڕۆکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا تێبگەین و بگەینە ئەو بڕوایەی کە ئیمکانی ئەوەنیە سیستەمی سەرمایەداری و سەرمایەداران لەو بارەوە شتێکی دروست و ڕاست بدرکێنن, بەلاّم ئەم دەربڕینە ناشتوانێت هەموو ئەو هەڵەو تاوانانەی کەلە مێژوودا بەناوی ئەم دیکتاتۆریەتەوە ئەنجام دراون بسڕێتەوە بۆمان بسەلێنێت کەزۆربەی ئەوەی ڕوویداوە جیاواز بووە لەو دیکتاتۆریەتانەی کە مارکس خۆی ڕخنەی لەسەری هەبووە ودژی خەباتی کردووە , چونکە لەبنەڕەتەوە لەمارکسیزمدا زۆرجیاوازی هەیە لەنێوان دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو ئەو دیکتاتۆریەتانەی بەناوی گروپ و حیزب و دەسەلاّتیکی شمولیەوە ئەنجام دەدرێن, هەروەها بۆمارکس کۆمۆنیزم لەو خەسڵەتە کۆمەلاّیەتیەوە سەیردەکرا کەپرواوپڕ مانای هاوبەشێتی و ئارامی و پێکەوەژیان بێت نەك دەسەلاّتێکی تاسەر ئێسك خۆسەپێن و بکوژی ئەوانی تر , هەربۆیە دروست وایە مادام دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ووشەیەکی مەزاجیانەیە جێگۆڕکێی پێکراوە و تاڕادەیەك خاوەن مێژوویەکی تاڵەو هاو تەریب دەبێتەوە لە گەڵ هەموو دیکتاتۆریەتەکانی تردا, دەبێت ئەو دەستەواژەیەو بەکارهێنانی لەئەدەبیاتی سیاسی سۆسیالیستیدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت ولەجێگەی ئەو , دەستەواژەیەکی تر بەکار ببرێت کەشایستەی خەباتی سەردەم و ناوەڕۆکی خەباتی سۆسیالیستی بێت.

**دەنگەکان** : دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟

**کەمال**: ڕەنگە ئەو پرسیارە ئەوەندە هەڵبگرێت کە نەتوانین لێرەدا هەقی خۆی بدەینێ و نەتوانین وەلاّمێکی دروستی پێبدەینەوە , هەربۆیە هەوڵدەدەم هێندەی بکرێت لایەنە گرنگەکانی بخەمە ڕوو بەو هیوایەی کە خەڵکی تریش لەو بارەوە شت بڵێن و بنووسن تابتوانین لەو بارەوە بەهەمووومان ڕاستیەکان بخەینە ڕوو .

سەرەتا ئەمەوێت ئەوەبڵێم کە دەرکەوتن وسەرهەڵدانی بیرو بۆچوونی سوسیالیستی لەکوردستاندا تاڕادەیەك پێش خەملاّندن و هاتنە ئاراوەی تەواوەتی هەلومەرجە ئابوریەکەی بووە , هەربۆیە تاڕادەیەکی زۆر ئەوە بینراوەتەوە کەسەرەتای دەرکەوتنی ڕێکخراوەکان لەبزووتنەوەیەکی کرێکاری و چینایەتیەوە نەبووە و لەوشوێنەوە سەریان دەرنەهێناوەو هەمیشە نێوانێك هەبووە لەنێوان ئەوان و کۆمەڵدا, لەڕووی فکریشەوە ئەوەی کەلای ئێمە هەبووە بەجۆرێك لەجۆرەکان لاسایکردنە یان کۆپیکردنی فکروجیهانبینی و بیرکردنەوەیەك بووە کە لەدەرەوەی واقیعی خۆمان بووە و لەهەلومەرجی هەندێك شوێنی ترەوە هێنراوە

,هەربۆیە زۆربەی چەپی کوردی جگەلەجێگۆرکێی فکری وسیاسیان لەهەموو بۆچوونەکان تاڕادەیەك بێ بەش نەبوون وتێکەڵەیەك بوون لەهەمووی , هەر لەماوییزمەوە تا تروتسکیزم وستالینیزم , بەلآم لەگەڵ هەموو ئەو سەرنج و کەموو کورتیانەشیاندا فکری چەپ لەناو خەڵکی کوردا کاریگەریەکی فراوانی هەبووە لەسەر پێشکەوتن و بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری خەڵك و ئاشناکردنیان بە بۆچوونە سیاسی وفکری وکۆمەلآیەتیە جیاوازەکان , لەڕووی پراکتیکیشەوە بزووتنەوەیەك بووە کەدەورێکی بەچاوی هەبووە لەبەرزکردنەوەی گیانی بەرەو ڕوو بوونەوەی زوڵم زۆری دەسەلآتدارانداا , بۆنمونە لەم بەشەی کوردستان ئاشکرایە کارکردی سیاسی و کۆمەلآیەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەدەورانی خۆیدا و پێشتریش حیزبی شیوعی کەم نەبوون لەسەر کۆمەڵگەی کوردی . بەلآم قسەیەك کە سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی ئەو بزووتنەوەیە بکەین , مرۆڤ بەخوێندنەوەی هەلومەجەکەو ناسینەوەی شوێن پێی بزووتنەوەکە ناتوانێت لەبوونی ئێستای گەش بین بێت چوونکە ئەو بزووتنەوەو گروپانەی کە ئێستا هەن و دابەش بوون بە سەردوو جۆر چەپەوە , (چەپی تەقلیدی و چەپی تازە )چەپی تەقلیدی بێ ئەوەی هیچ ئەرکێکی لەم دەورانەدا بۆخۆی دیاری کردبێت دەیەوێت لەسەرئەو میراتیە بژی کەبە مەیلی چەپی کوردی دەناسرێتەوە و دەستی لەدارو پەردووی ئەو ڕابردووە بەرنابێتەوە. چەپی نوێش کەلەسەردەمی ڕاپەریندا زیاتر بەدەرکەوتن ودەورێکی کاریگەریان هەبوو, بەلآم بەهۆی کەم ئەزمونی سیاسی و هەڵەی ترەوە لە ڕووی سیاسی و کۆمەلآیەتیەوە لەدەورانی ڕاپەرین و بزووتنەوەی شورایدا شکستێکی گەورەیان بەشانی خۆیاندا دا , دواتریش لەڕووی فکرییەوە نەك توانیان خۆیان بگرنەوە بەڵکو شکستەکەیان بەو جۆرە تیئوریزە کرد کەشکستەکە هەمەلایەنە قوڵتربکەنەوە وزۆربەیان ئەو ڕێگاو ڕێبازەیان هەڵبژارد کە ئەستەمە لەئێستاو ئایندەشدا ئاسۆیەکی گەشی هەبێت , بەلآم من لەپاڵ هەمووئەوانەشدا دیسان دەڵێم مرۆڤی تەندروست ناتوانێت لە ژیانیدا بێ هیواو ئامانج بژی .